المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:58-71

# کاریگەری قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان لەسەرکەرتی پیشەسازی تایبەت (کارگەی چیمەنتۆی بازیان –لاڤارج) وەك نمونە بۆماوەی سالآنی(2011–2017)

م.ی.ایمان ابراهیم إسماعیل [1]    م.ی.لاڤە ئاراس [2]

بەشی ئابوری، کۆلێژی کارگێری وئابوری، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عراق[1،2]

[1]Lava.ibrahim@univsul.edu.iq    [2]eman.ismaile@univsul.edu.iq

**پوختە**

ئاشکرایە قەیرانی دارایی یەکێکە لەوگرفتانەی رووبەرووی زۆربەی ولأتانی جیهان دەبێتەوە ، جا ئەگەر پێشکەوتوو بێت یان دواکەوتوو، ئابوری عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەدەرنیە لە وگرفت و قەیرانانەی کەدەرئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکی ناوخۆی ودەرەکین ، قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان کاریگەری ورەنگدانەوەی هەبووە لەسەر سەرجەم کەرتە ئابورییەکان ولەناویشیاندا کەرتی پیشەسازی ، وە ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە ، بەدیارخستنی کاریگەری قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستانە لەسەرگارگەی چیمەنتۆی بازیان-لاڤارج ، لەرێگەی خستنەرووی هۆکاروکاریگەریەکانی قەیرانەکە و پاشان رونکردنەوەی کاریگەریەکەی لەسەربرِی بەرهەمی کارگەکەو ژمارەی کرێکارانی گارگەکە بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە میتۆدی (شیکاری - وەسفی) و بەکارهێنانی داتاو زانیاری بۆماوەی (2011-2017) لە کۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەودەرئەنجامەی کەقەیرانی دارایی هەرێم گاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر وەبەرهێنان وکەرتی پیشەسازی لەناویشیاندا کارگەی چیمەنتۆی بازیان-لاڤارج کە بۆتە هۆی دابەزینی برِی بەرهەمی راستەقینەی گارگەکەو کەم بوونەوەی ژمارەی کرێکارانیان .وەتوێژینەوەکە کۆمەڵە پێشنیارێکی خستۆتەروو ، لە گرنگترینیان پێویستە حکومەتی هەرێم چاکسازی راستەقینە ئەنجام بدات وە کەرتی تایبەتیش پێویستە پلانی تۆکمەیان هەبێت بەتایبەت لەکاتی قەیرانەکاندا.

**ووشە سەرەکیەکان :** قەیرانی دارایی ، کەرتی تایبەت ، کارگەی چیمەنتۆی لاڤارج ، توێژینەوەیەکی شیکاری .

**الملخص**

من المعروف ان الازمة المالية يعتبر من المشاكل التي يواجه كافة الدول ، سواء كان متقدما ام ناميأ ، و ان الاقتصاد العراقي واقليم كوردستان ليس بعيدأ من المشاكل والازمات و ذلك بسبب بعض العوامل الداخلية و الخارجية ، الازمة المالية في الاقليم كوردستان ينعكس على كافة القطاعات الاقتصادية ومن ضمنها القطاع الصناعي . ويهدف هذا البحث بيان اثار الازمة المالية في اقليم كوردستان على المعمل الاسمنت بازيان – لافارج ، من خلال عرض العوامل والاثار الناجمة عن هذه الازمة ، ومن تم تحديد انعكاسات هذه الازمة على انتاجية المعمل و عدد عماله ، ولهذا الغرض يعتمد هذا البحث على (المنهج التحليل - الوصفي ) باستخدام البيانات والمعلومات للفترة (2011-2017) . ومن الاستنتاجات التي تم التوصل اليها، يتبين ان الازمة المالية كانت لها له اثار سلبية على الاستثمار والقطاع الصناعي ومن ضمنها معمل الاسمنت بازيان – لافارج ، وادت هذه الازمة الى انخفاض الانتاجية الحقيقية للمعمل و انخفاض عدد العاملين فيها ، و اخيراً قومت البحث بعض المقترحات من اهمها يجب على الحكومة الاقليم بدء عمليات الاصلاح الحقيقي لمواجهة المشاكل والازمات الاقتصادية .

**الكلمات المفتاحية :** الازمة المالية ، القطاع الخاص ، المعمل الاسمنت لافارج البحث الوصفي .

**Abstract**

It is known that the financial crises is one of the problems facing all countries, whether developed or developing, and that the Iraqi economy and the Kurdistan region is not far from the problems and crises and because of some internal and external factors, the financial crises in the Kurdistan region reflected on all economic sectors and including the industrial sector. The main objective of

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.16

this study is to explain the impact of the financial crises in Kurdistan region on the (cement plant Bazian –Lavarge) , by presenting the factors and effects resulting from this crises , and the impact of this crises were determined on the productivity of the laboratory and the number of its workers (Descriptive ) based on data and information for the period (2011-2017).From the conclusion reached ,the financial crises has had a negative impact on investment and the industrial sector , Including the Bazian –Lavarge cement plant .this crises has led to a decreased plant .This crises has led to a decrease in the number of workers .
Finally, the research evaluated some of the most important proposals .The regional government must initiate real reform to address economic problems and crises.
**Keywords:** financial crises, private sector, lab Lavarge cement descriptive search.

**پێشەکی**

وەك ئاشكرایە پیشەسازی ڕۆڵێكی گرنگ دەبینێت لە ئابوری وڵاتاندا بە شێوەیەك بەبێ پیشەسازی گەشەكردنی ئابوری كارێكی ئەستەمە ، گەشەكردنی ئابوری لە هەر وڵاتێكدا چەند كەرتێكی جیاواز لە خۆ دەگرێت وە كەرتی پیشەسازی یارمەتی خێراكردنی گەشەكردنی ئابوری دەدات ، وە یەكێكە لەو كەرتانەی كە بەشداریەكی گرنگی هەیە لە دابین كردنی خۆش گوزەرانی بۆكۆمەڵگا ، زیادبونی بەرهەمهێنان وزیادبونی داهاتی نەتەوەیی ، گەشە كردنی ئاستی داهاتی تاكەكانی كۆمەڵگا وهاوسەنگی لەداهاتی ووڵات لە دراوی بیانی ، وە باشكردنی تەرازووی بازرگانی ، وە ڕەخساندنی هەلی كار ، بۆیە جێگای خۆیەتی كە هەر هۆكارێك ببێتە هۆی لاوازی كەرتی پیشەسازی و كاری تێ بكات باس بكرێت ، یەكێك لەوانە قەیرانی داراییە ، چونكە قەیرانی دارایی ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر هەموو لایەنەكانی ژیان و لە ناویشیاندا كەرتەكانی ئابوری و بەتایبەتی كەرتی پیشەسازی. هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ئەو قەیرانە داراییەی كە لە هەرێمی كوردستاندا لە ساڵی (2014) سەری هەڵداوە ، وە كاریگەری قەیرانەكە لەسەر كارگەی چیمەنتۆی بازیان(لاڤارج) دەخاتەروو.

**-كێشەی توێژینەوەكە :**

سەرەرایی دەوڵەمەندی هەرێمی كوردستان و دەرامەتی سروشتی و مرۆیی زۆرجۆراوجۆر ، بەڵام بەهۆی خراپی بەرێوە بردنی ووڵات و گەندەڵیەوە نەتوانراوە بە پێ ی پێویست كەڵك لەو دەرامەتە مرۆیی وسروشیانە وەربگیرێت ، كە ئەمەش وایكرد كە هەرێمی كوردستان ڕووبەرووی چەند قەیرانێكی گەورە ببێتەوە كە گاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە لە سەر سەرجەم سێكتەرە ئابورییەكان وە لەناویشیاندا سێكتەری پێشەسازی و كارگەی پیشەسازی بازیان لاڤارج ، چونكە بەرهەمی ئەم كارگەیەتەنها بۆناوخۆی عێراق وهەرێمی كوردستانە ، بۆیە هەرهۆكارێك كاربكاتە سەر كەمبونەوەی خواستی گشتی هاوڵاتیان كاردەكاتە سەرخواست لەسەر چیمەنتۆ ولە ناویشیاندا چیمونتۆی بازیان –لاڤارج ، پاشان كاریگەری دەبێت لەسەر بڕی بەرهەم و كەمكردنەوەی ژمارەی كرێكار وچەندین كێشە و گرفتی كۆمەڵایەتی لێ دەكەوێتەوە

**گرنگی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەرگرنگی كەرتی پیشەسازی لە ووڵاتدا كە سەرچاوەیەكی گرنگی داهات وزیادكردنی بەرهەمی ناوخۆیە وە بناغەی دامەزراندنی ئابوریەكی بە هێزە لە ووڵاتدا لەلایەك وەدابین كردنی هەلی كارە لە لایەكی ترەوە، هاوكات خستنەرووی كاریگەری قەیرانی دارایی هەرێم لەسەر وەبەرهێنان بەگشتی و كەرتی پیشەسازی (گارگەی چیمەنتۆی بازیان -لاڤارج)بەتایبەتی.

**-ئامانجی توێژینەوەكە :**

ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوە یە بریتی یە لە خستنەروی هۆكارو كاریگەریەكانی قەیرانی دارایی هەرێمی كوردستان ، پاشان شرۆڤە كردنی ئەو كاریگەریانەی كە قەیرانی دارایی دروستی كردون لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و دەستی كار لە كارگەی چیمەنتۆی بازیان (لاڤارج)

**-گریمانەی توێژینەوەكە :**

ئەم توێژینەوە لەسەر ئەم دووگریمانە بنیاتنراوە :

1- قەیرانی دارایی كاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر كەرتی پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان .
2- قەیرانی دارایی كاریگەری نەرێنی هەیە لەسەركارگەی چیمەنتۆی بازیان(لاڤارج) .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.16

**شێوازومیتۆدی توێژینەوەکە :**

بۆبەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە وسەلماندنی گریمانەکان ، ئەم توێژینەوەیە میتۆدی (شیکاری - وەسفی) بەکارهێناوە ، وە بەکاربردنی داتاوزانیاری و وسەرچاوە زانستیەکان.

**چوارچێوەو سنوری کارکردنی توێژینەوەکە :**

1- لەرووی شوێنەوە : توێژینەوەکە تایبەتە بە کارگەی چیمەنتۆی (لافارج ) لە بازیان / سلێمانی /هەرێمی کوردستان .

2- لەرووی کاتەوە : توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنی کردوە بۆداتاکانی ساڵانی (2011-2017).

**-پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوە دابەش کراوە بۆ سێ باس ، باسی یەکەم تایبەتە بە پێناسەی پیشەسازی وگرنگیەکەی ، باسی دووەم تایبەتە بە قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان و هۆکاروکاریگەریەکانی وە خستنەرووی کاریگەری قەیرانەکە لەسەر وەبەرهێنان ، وە باسی سێیەم تایبەتە بە کورتەیەك دەربارەی گروپی کومپانیاکانی لافارج وە کاریگەری قەیرانی دارایی هەرێم لەسەر کارگەی چیمەنتۆی بازیان –لافارج .

## باسی یەکەم

## چەمك و گرنگی ئابوری پیشەسازی و پیشەسازی چیمەنتۆ

**یەکەم: پێناسەو چەمکی ئابوری پیشەسازی**

پێناسەو چەمکی ئابوری پیشەسازی بەستراوەتەوە بە دەرکەوتن و پێشکەوتنی پیشەسازی یەوە یاخود کەرتێکی دیاریکراو لە کەرتەکانی بەرهەم هێنانەوە یاخود بە قۆناغە مێژوویەکانی بەرهەمهێنانەوە .

ئاشکرایە پیشەگەری و کاری دەستی (الحرفية) کە بە پیشەکان ناوزەند دەکرێت رێرەوێکی سەربەخۆی گرتەبەر وەك کەرتێك لە کەرتەکانی بەرهەم هێنان وە لە کەرتی کشتوکاڵی داماڵرا، ئەو جیا بونەوەو داماڵینە بووە هۆی دروستبوونی پسپۆری لە بواری بەرهەم هێنان دا (**التخصص في الانتاج**)، لەم قۆناغەدا (قۆناغی یەکەمدا) پەیوەندییەکی ئاڵوگۆرکاری هەیە لە نێوان گەشەکردن و دابەشکردنی کار لە رووی کۆمەڵایەتی یەوە. درێژەدان بە پێشکەوتنی ئەم پرۆسەیە بووە هۆی پێگەیشتنێکی تەواو بۆ هەردوو کەرتی کشتوکاڵی و کەرتی پیشەسازی کە هەریەك لەم کەرتانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە کەرتی ئابوری دا دیاری دەکرێن و هەریەکەیان جیاوازە لەوی تر. پیشەسازی بەوە دەناسرێت کە کاری مرۆڤە و بەشێوەیەکی راستەوخۆ جێگیر دەکرێت لەسەر بابەتی کار یاخود کەرەستەی بەرهەم هێنان جا ئەو کەرەستەیە (سەرەتایی بێت یاخود ناوەند بێت ) لە پێناو گۆرینیان بۆ بەرهەمێکی تەواو دروستکراو بە مەبەستی تێرکردنی پێداویستی یە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ، بە واتایەکی تر پیشەسازی ئەو کەرتەیە کە لە چوارچێوەی بنەماکانی بەرهەم هێنان یەکدەگرن بە مەبەستی گونجاندنی سەرچاوە سروشتیەکان بۆ پرکردنەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤ لە شمەك و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر جا ئەشمەك و خزمەتگوزارییە بۆ بەرهەم هێنان بێت یاخود بەکارهێنان. ( حمیدواخرون،1979: 10)

بەرهەم هێنانی پیشەسازی پرۆسەیەکە بەواتای گونجاندنی سامانە سروشتییەکان بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ و ئابوری و کۆمەڵگا لەرووی شمەکی بەرهەم هێنان و بەکارهێنانەوە ، بۆ ئەو مەبەستەش کەرەستە سەرەتاییەکان بەشدار دەبن لە بەرهەم هێنانداو دەخرێنە خزمەتی کەرتی پیشەسازی کە بەشێك لەو کەرەستانە راستەوخۆ لە ناوجەرگەی زەوی دەردەهێنرێن و بەشێکی تریان لە کەرتی کشتوکاڵ بەدەست دەهێنرێن، وە لە هەنگاوی دواتردا بە قۆناغەکانی پیشەسازی دا تێدەپەرن و شێوەیان دەگۆرێت و دەبنە کاڵای تەواو دروستکراو وە بەکارهێنانی ئەو بەرهەمە لە کەرت و لقە ئابووری یە جیاوازەکاندا یاخود بۆ بەکارهێنانی کۆتا لەلایەن دانیشتوانی سەر رووی زەوی یەوە . کەرتی پیشەسازی لە کەرتە ئابوورییەکانی تر جیاوازە لەو رووەوە کە ئامانجی کەرتی پیشەسازی بەدیهێنانی گۆرانکارییە یە لە شێوەو ناوەرۆکی ماددەکاندا، بەڵام بە شێکی زۆر لە کەرتە ئابوورییەکانی تر وەك کەرتی ناوەندی مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکان دەکەن وەك خودی بەرهەمەکە بە بێ روودانی گۆرانکاری لە شێوەی ماددەکاندا، بەم پێیەش هەستان بە هەندێك کرداری تەواوکاری و ئامادەکردن و پێچانەوە لە جەوهەردا بە ئەرکی پیشەسازی دادەنرێت .(معماری، 2006: 3-4)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
ص:58-71
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پیشەسازی کرداری گۆڕینی شێوەی کەرەستەی خاوە کە لە سروشتدا هەن و دەستەبەرکراون بە ئامانجی زیادکردنی بەهای ئەو کەرەستە دیاریکراوە بە بەکاربردنی ئامرازی گونجاو بۆ بەرهەم هێنانیان بۆ ئەوەی زۆرترین پێداویستیەکانی مرۆڤ پربکاتەوە . (جواد،2006: 41) کەواتە دەتوانین بڵێین پیشەسازی بریتییە "لە کرداری گۆڕینی شێوەی کەرەستەی خاو بە ئامانجی زیادکردنی بەهاکەیان و پڕکردنەوەی زۆرترین پێداویستییەکانی مرۆڤ لەرووی بەکارهێنان و بەکاربردنەوە ، وە کەرتێکە لە کەرتە سەرەکییەکانی ئابوری وولآت ، بەشێوەیەك ئاستی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئابوری زۆرێك لە وولآتان بەستراوەتەوە بە ئاستی گەشەسەندنی پیشەسازی یەوە بە تایبەت پیشەسازی دروستکردن (تصنيع)".

**دووەم : گرنگی و رۆڵی پیشەسازی لە ئابوری ولآت دا:**

گەشەی ئابوری زۆرێك لە وولآتانی جیهان بە شێوەیەکی تەواو پشت بە پیشەسازی دەبەستن. پیشەسازی رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ئابوری ولآتاندا بەشێوەیەك بە بێ پیشەسازی گەشەکردنی ئابوری کارێکی ئاسان نییە. کەرتی پیشەسازی گرنگییەکەی زیادیکردوە لە گەشەپێدانی ئابوری بەهۆی جێگیری و بەردەوامی کەرتی پیشەسازیەوە، وە هاوسەنگی کەرتی پیشەسازی بە ناوەندی گەشەپێدانی ئابوری و پەرەسەندنی پیشەسازی هەژمار دەکرێت چونکە پیشەسازی لەرووی پلانی ئابوورییەوە مەترسی کەمە بە بەراورد بە بەشێك لە کەرتە ئابوریەکانی تر (جواد،2011: 47). زۆرێك لە ئابووریناسەکان پێیان وایە بوژانەوەی کەرتی پیشەسازی واتا بوژانەوەی ئابوری . چونکە کەرتی پیشەسازی یەکێکە لەو کەرتانەی کەزۆر بەخێرایی گەشە دەکات وپێش دەکەویت بەبەراورد بە کەرتەکانی تر ئەمەش بەهۆی پێش کەوتنی تەکنۆلۆجیای جۆراوجۆر لە چالاکیەکانیدا ، وە کارێکی ئاسان نیە بگەینە گەشەکردن و پەرەسەندنێکی تەواوەتی بە بێ کرداری دروستکردن (تصنيع) ، وە مەرج بۆ ئەوەی ئەو ولآتە بە ولآتێکی پیشەسازی ئەژماربکرێت پێویستە کۆی داهاتی بەرهەمی ناوخۆیی لە کەرتی پیشەسازی ( 60٪) کەمتر نەبێت یاخود زیاتر لە (10٪)ی دانیشتووانی وولآت لەو کەرتەدا کار بکەن. (القريشى ،2005: 38)

**سێ یەم : گرنگی پیشەسازی چیمەنتۆ لە رووی ئابورییەوە**

پیشەسازی چیمەنتۆ رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پرکردنەوەی پێداویستی کۆمەڵگا لە خانووبەرەو بنیاد نانەوەی ژێرخانی ئابوری دا ، وە بنەمایەکی سەرەکی یە بۆ گەشەپێدانی ئابوری ، چونکە ئەم ماددەیە دەچێتە بواری دروستکردنی پرۆژە و خانووبەرەوە ، وە لە ئیستادا هیچ کەرەستەیەکی تر نیە کە بتوانێت جێگای تەواوەتی چیمەنتۆ بگرێتەوە لە رووی پتەوی و نرخەوە (www.wbcsdcement.org).

پیشەسازی چیمەنتۆ رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دابین کردنی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دەستی کاری شارەزاو ناشارەزا، وە سەرچاوەی داهات وگوزەرانی بەشێك لە کرێکارانە ، چیمەنتۆو پیشەسازی بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت لە پارەدار کردنی دەوڵەتان چ لە رێگەی بەرهەم هێنان و هەناردەکردن بێت چ لە رێگەی وەرگرتنی باجەوەی بێت . (اسماعيل ،2012: 49). هەروەها قەبارەی بەکاربردنی چیمەنتۆ بەندە بە گەشەسەندنی ئابوری و رێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەسەندنی ئابوری ولآتەوە، هەروەها رێژەی بەکاربردنی چیمەنتۆ بەندە بە نەخشەی نیشتەجێبوون و نەخشەو پلانی پرۆژە گەورەکان . بەکارخستنی چیمەنتۆ دابەش دەبێت بەسەر چەند بوارێکی جیاوازدا لە سەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان* یاخود لەسەر ئاستی عێراق ، ئەویش کۆمەڵگای نیشتەجێ کردن و

* کۆی ژمارەی ئەوپرۆژانەی کەمۆڵەتی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانیان پێ دراوە لەپیشەسازی چیمەنتۆدا تاساڵی (2015) بریتی بوە لە(16) پرۆژە کەزۆربەیان دەکەونە سنوری پارێزگای سلێمانیەوە وە بەتایبەتی ناحیەی بازیان چونکە ئەم ناوچەیە ناسراوە بەدەوڵەمەندی ماددەی سەرەتایی بۆ پیشەسازی چیمەنتۆدا(حميد،2017،199) ، وە سەبارەت بە پیشەسازی چیمەنتۆ لە پارێزگای سلێمانی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1954) ،کاتێك لەو ساڵەدا دەست کرا بە دروستکردنی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی بیانی (بەلجیکی ، فەرەنسی ، بەریتانی، ئەڵمانی) بە سەرمایەی (2,871,973) دیناری بە ناوسویسری ، وە بەرواری کارپێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ 7\3\1957 وە لە سەرەتادا (350) کرێکار کاریان لەو کارگەیەدا کردووە، هاوکات بە وزەی بەرهەم هێنانی (350) تەن لە رۆژێکدا . وە سێ جۆر چیمەنتۆ لەو کارگەیەدا بەرهەم هێنراوە ئەوانیش (چیمەنتۆی ئاسایی ، چیمەنتۆی خۆراگر بەرامبەر کبریتات، چیمەنتۆی خانووبەرە ) ، وە ئەوەی پاڵنەری سەرەکی دروست بوونی ئەم کارگەیە لەو ناوچەیەدا بوونی کەرەستەی سەرەتای بووە بۆ چیمەنتۆ وە دابین کردنی چیمەنتۆ بووە بۆ هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان .لە دوای ساڵی 2008 ئەم کارگەیە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.16

باڵەخانەی حکومی نوێ، وە سەرلەنوێ تازەکردنەوەی شارو شاروچکەو گوندەکان و تازەکردنەوەی ئەو باڵەخانانەو بینایانەی کە زەرەرمەند بوون و ڕوخاون یان دوچاری دارمان و زیان بەرکەوتن بوون بەهۆیشەرو ناکۆکیەوە.

**باسی دووەم**

**قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان و هۆکارو وکاریگەرییەکانی**

بێگومان بابەتی وەبەرهێنان و کەرتی پیشەسازی شوێنێکی گرنگیان هەیە لە سیاسەتی گەشەپێداندا لە زۆربەی وڵاتاندا ، وە یەکێکن لە پێکهاتە سەرەکیەکانی خواستی گشتی کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دابینکردنی هەلی کارو بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاری بۆ پرکردنەوەی پێداویسیەکانی کۆمەڵگە یاخود بۆ مەبەستی ناردنە دەرەوە ، وە کاریگەری بەرچاویان دەبێت لە سەر گەشەی ئابوری وڵات ، کە ئەمەش وایکردوە لە وڵاتان هەوڵ بدەن بۆ دابینکردنی بارودۆخ وژینگەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان و وەبەرهێنانی کەرتی پیشەسازی بە تایبەت . بۆیە ئەم باسە تایبەت کراوە بە هۆکارەکانی قەیرانی دارایی هەرێم و کاریگەریەکانی لەسەر هەریەکە لە وەبەرهێنان و کەرتی پیشەسازی ، کە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن کراوە :

**یەکەم: هۆکارەکانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان:**


لە ڕاپەرینی ئازاری 1991 و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە ئایاری 1992 دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی بووە بە دامەزراوە تا ئەمڕۆ بە چەندین قەیرانی ئابوری و داراییدا تێپەڕیووە کە تا ساڵی 2003 و ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عێراق کوردستان کرایەوە بە ڕووی جیهاندا توانی بازرگانی بکات و بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەموو بوارەکاندا پێشبکەوێت ، بەڵام لە دوای ساڵی 2014 وە هەرێمی کوردستان کەوتە قەیرانێکی ئابوری و دارایی گەورەوە ، وە کۆمەڵێك هۆکارهەن بۆ ئەم قەیرانە بەڵام لێرەدا تەنها جەخت لە هەندێك هۆکار دەکەینەوە لە پێش سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی یەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن :

1 - پشت بەستن بە تەنها یەك کەرت لەبەدەستهینانی داهاتدا کە ئەویش کەرتی نەوتە وە پشت گوێ خستنی هەموو کەرتەکانی تر ، کە ئەمەش پێ ی دەوترێت ئابوری موڵکانە یان (الاقتصاد الريعي). واتە هەرێمی کوردستان ئابووریەکی ڕەیعیی هەیە، چونکە پشت بە نەوت دەبەستێت وە بەرهەمی نەوت و نرخەکەی بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندان (ناجێگیری نرخ و داهات ) ، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری ئابوری وسیاسی و ...هی تر(.www documents.worldbank.org) ، کە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ئەو هەرێم و دەوڵەتانەی کە تاکە سەرچاوەی پەیداکردنی داهاتیان بریتیە لە نەوت ، کە لەم هێڵکاریە ئەم بابەتە روون دەبێتەوە :

---

بەهۆی داواکاری وەزارەتی ژینگەوە داخرا بە پاساوی ئەوەی کەئەم کارگەیە دەکەوێتە ناو سنوری دانیشتوانی شاری سلێمانی یەوە(البرزنجی،2008، www.medbillconnection).

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الســليمانية ص: 58-71
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




هێڵکاری (1) بەرزبونەوە و نزمبونەوەی نرخی نەوت لە جیهاندا لە نێوان ساڵانی (2016-2000)

ئەم بەرز بونەوەو نزمبونەوەیە لە نرخی نەوت دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار لەوانە خواست لەسەر نەوت لە گۆڕاندایە بەجۆرێك کاتێك رێژەی گەشەی ئابوری ولاتان بەرز دەبێتەوە خواستیان زیاتر دەبێت لەسەر نەوت و بە پێچەوانەشەوە ، هەروەك خستنەروی نەوت لە دەستی چەندین دەوڵەتەو زۆرجار رێناکەون لەسەری ، لە ساڵانی رابردوودا ئۆپێك نەیتوانی رێبکەوێت لەسەر بەرهەمی نەوت زۆر لەزولاتان ویستیان خستنەرو زیادبکەن تا خەرجییەکانیان دابین بکەن ، بۆیە نرخەکەی دابەزی .

2 -هۆکارێکی دیکەی ئەم قەیرانە نەبوونی سیستمی ئابوریە لە هەرێمی کوردستان ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساتی دروسبوونیەوە تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە سیستمێکی حکومڕانی تەواو دروست بکات لە رووی ئابورییەوە بە شێوازێکی پێشکەوتوو و زانستی، هەموو ئەمانە کەڵەکە بوون تا ئەوکاتەی لەگەڵ هاتنی ئەم قەیرانە کاریگەری هەمویان پێکەوە دەرکەوت ، هەروەها چونە دەرەوەی پارەیەکی زۆری ناوخۆ لە رێگەی بازرگانی دەرەکیەوە بۆ ولاتانی دراوسێ و ناوچەکە و جیهان کە وایکردوە تەرازووی پێدانی هەرێمی کوردستان هەمیشە لاسەنگ بێت و بەردەوام توشی کورتهێنان بێت(www.hawpshti.com).

3- گەندەڵی وفراوان بوونی ئاست وجۆرەکانی ، لەگەڵ پەیدابوونی دەسەلات وسیاسەت وحوکمرانی،گەندەڵی رامیاری وکارگێری وئابوری بونیان هەیە ، لەنێو ولاتانی جیهان ،ولاتە دواکەوتوەکان زۆرترین پشکیان بەردەکەوێت . راپۆرتەکانی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ئەوە پشت راستدەکەنەوە کە ولاتی عێراق وهەرێمی کوردستان مێژوویەکی کۆنیان هەیە وە لەریزی پێشەوەی ولات و هەرێمە گەندەڵەکانن ،بە ووردبونەوەمان لە هەردوولایەنی دەسهات و وخەرجی هەرێمی کوردستان ئەو راستیە زیاتر روون دەبێتەوە ، بۆنمونە رێژەی زیادبوونی دەسهاتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی (2014-2007) بریتی بووە لە (18٪) ،لە کاتێکدا رێژەی زیادبوونی خەرجیە گشتیەکان لە هەمان ماوەدا تەنها (2٪) بووە ، واتە ئەوەی بە دەست هاتووە چەندین جار زیاتربوە لەوەی خەرج کراوە ، بۆیە نە دەبوو بودجەی گشتی کورتهێنانی تێدابێت ئەو کورتهێنانەش بوەهۆی و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی وئابوریساڵی 2014(احمد،2018،110).

4- نازانستی شێوازو پێکهاتەی بودجەی هەرێمی کوردستان ، بەشێوەیەکی گشتی ئامادەکردن وپێکهینانی بودجەی هەرێمی کوردستان نازانستیانەیە لەرووی داهاتەوە چونکە تاك سەرچاوەیە (تەنها داهاتی نەوت) ، وە لەرووی خەرجیەوە فرە لایەنە (خەرجکردن وتەرخانکردنی پارەیەکی زۆر بۆهاوردەنیکردنی شمەکی بیانی نەك بۆکرینی شمەکی ناوخۆ)، ئەمە جگە لەوەی لەڕووی جۆری خەرجیەکانەوە ، لەماوەی 15 ساڵی رابردوودا (2018-2003) حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیویستوە هاوکێشەی نازانستیانەی بودجە راست بکاتەوە ، بۆنمونە رێژەی خەرجی بەکارهێنان لەبودجەی هەرێمی کوردستان (70٪) یە بەهۆی زۆری ژمارەی مووچە خۆران کەمی ئاستی بەرهەمداریان و زیادە رەوی لەخەرجیە بێ بەرهەمەکانی تردا ، لەکاتێکدا خەرجی وەبەرهینان تەنها (30٪) یە کە زۆر گرنکە بۆجۆراوجۆرکردنی ئابوری ولات(احمد،210،2018) .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.16

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الســليمانية
ص:58-71
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**دووەم :کاریگەری قەیرانی دارایی هەرێم لەسەر کەرتی وەبەرهێنان و پیشەسازی :**

کاتێك قەیرانی دارایی  لە هەر وولاّتێك سەرهەڵدەدات لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەکرێت لە کاریگەریەکانی ئەویش بەئامانجی چارەسەرکردنی لەکەمترین کاتدا یاخود بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی چونکە چەندین کاریگەری خراپی دەبێت لەسەرگۆراوە ئابوریەکان . لەهەرێمی کوردستانیش قەیرانی دارایی ڕەنگدانەوەو کاریگەری هەبووە لەسەرسەرجەم چالاکی وکەرتەئابوریەکاندا لەناویشیاندا کەرتی وەبەرهێنان، وە پرۆژەکانی وەبەرهێنانیش دەکرێت ناوخۆی یان بیانی یان هاوبەش بن . وە خشتەی(1) وەبەرهێنان ڕوونەدەکاتەوە لە هەرێمی کوردستان بە پیّ ی جۆری وەبەرهێنان بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی (1)

ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەپیّ ی جۆری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بۆماوەی ساڵانی (2011-2017)

| ساڵ/جۆری وەبەرهێنان | بیانی | ڕێژە٪ | هاوبەش | ڕێژە٪ | ناوخۆی | ڕێژە٪ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **2011** | 7 | 7,05 | 4 | 2,88 | 64 | 90,7 | 73 |
| **2012** | 11 | | 2 | | 114 | | 127 |
| **2013** | 4 | | 3 | | 105 | | 112 |
| **کۆی گشتی** | 22 | | 9 | | 283 | | 312 |
| **ناوەندی گەشەی ساڵانە** | | | | | | | ٪15,34 |
| **2014** | 1 | 3,41 | 1 | 2,27 | 75 | 93,75 | 77 |
| **2015** | 2 | | 1 | | 29 | | 32 |
| **2016** | 3 | | 2 | | 28 | | 33 |
| **2017** | - | | - | | 33 | | 34 |
| **کۆی گشتی** | 6 | | 4 | | 165 | | 176 |
| **ناوەندی گەشەی ساڵانە** | | | | | | | ٪ 18,48- |

سەرچاوە : ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە بۆردی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ،2018.

بە تێروانین لە خشتەکە دەردەکەوێت پێش سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی هەرێم لەماوەی ساڵانی (2011-2013) کۆی گشتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان (312) پرۆژە بوە ،کە وەبەرهێنانی ناوخۆ پشکی یەکەمی بەردەکەوێت لەوپرۆژانە بەرێژەی (٪90,7) ، وەبەرهێنانی بیانی ڕێژەی (٪7,05) وە هاوبەش ( ٪ 2,88 ) بە پلەی دووەم وسیّ یەم دێن ، وەناوەندی گەشەی ساڵانە بۆئەم ماوەیە بریتی بوە لە (٪15,34) ، وە لە کاتێکدا پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆماوەی ساڵانی (2014-2017) کەهاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و تێکچونی باری سیاسی (سەرهەڵدانی شەری دژی داعش)، ژمارەی پرۆژەکان بەرێژەیەکی بەرچاو کەمیان کردوە بۆ(176) پرۆژە واتە بەرێژەی (٪18,48) ، ئەمەش ئاماژەیە بۆبوونی کاریگەری قەیرانی دارایی و ناسەقامگیری هەرێم لەسەر کەرتی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستاندا .

ئەم کاریگەریانەی قەیرانی دارایی کەرتی پیشەسازیش گرتۆتەوە ، وە بۆ دەرخستنی ئەو کاریگەریە خشتەی (2) دەخەینە روو :

خشتەی (2)

المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ژمارەی پرۆژەکانی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بۆماوەی ساڵانی (2011-2017)

| ساڵ | ژمارەی پرۆژە |
|---|---|
| **2011** | 16 |
| **2012** | 31 |
| **2013** | 41 |
| **تێکرای گەشەی ساڵانە** | %36,84 |
| **2014** | 20 |
| **2015** | 13 |
| **2016** | 13 |
| **2017** | 7 |
| **تێکرای گەشەی ساڵانە** | - %23,08 |

سەرچاوە : ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە بۆردی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ،2018

لەم خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە لەماوەی ساڵانی (2011-2013 ) ساڵانی پێش قەیرانی دارایی ، ژمارەی پرۆژەکانی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوام لەزیادبوندابوون ڕێژەی زیادبونەکەش بریتی بوە لە ( %36,84) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جێگیربونی باری سیاسی و ئابوری هەرێم لە وماوەیدا لەلایەك وە بنیادنانەوە و بوژانەوەی کەرتە ئابوریەکان لەلایەکی ترەوە ، بەلاّم دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی وماوەی ساڵانی (2014-2017) ژمارەی پرۆژەکانی کەرتی پیشەسازی کەمی کردوە بەرێژەی (- %23,08) ، ئەمەش ئاماژەیە بۆکاریگەری قەیرانی دارایی هەرێم و ناسەقامگیری رامیاری لەسەر کەرتی پیشەسازی کە بۆتە هۆی زیادبونی ڕێژەی بێکاری بۆ(%13,53) ساڵی (2015) لە کاتێکدا ژمارەی بێکاری بۆساڵی (2014) بریتی بوە لە( %7،13) کە ئەمەش کاریگەرییەکی نێگەتیفی زۆر لە سەر گەشەی ئابوری هەرێم وئاستی بوژانەوەی ئابوری لە هەرێم بە جێ دەهێڵێت.

**سیٰ‌یەم: خستنەرووی کاریگەری قەیرانی ئابوری و دارایی لەسەر پرۆژە ووبەرهێنیەکان** :

بۆ خستنەرووی کاریگەری قەیرانی دارایی و ئابوری لەسەر کەرتی وەبەرهینان بەگشتی و پرۆژە پیشەسازیەکان بەتایبەت، چەند پێوەرێکی ئاماری و پێوانەیی دەخرێتەروو لەم خشتەیەی خوارەوە :


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.16

خشتەی ( 3 ): کاریگەریەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لەسەر کەرتی وەبەرهێنان و کەرتی پیشەسازی

| فاکتەرەکان | Coefficient | Probability | R2 | Adjusted R2 | Probability F-statistic |
|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری قەیرانی دارایی و ئابوری لەسەر پرۆژە وەبەرهێنانی ناوخۆیی | 32,87- | 0,0026 | 0,996 | 0,991 | 0,0051 |
| کاریگەری قەیرانی دارایی و ئابوری لەسەر پرۆژە وەبەرهێنانی بیانی | 5,38- | 0,0075 | 0,615 | 0,519 | 0,0074 |
| کاریگەری قەیرانی دارایی و ئابوری لەسەر کۆی پرۆژەکانی ناوخۆ | 40,56- | 0,0192 | 0,995 | 0,988 | 0,0068 |
| کاریگەری قەیرانی دارایی و ئابوری لەسەر پرۆژە پیشەسازیەکان | 26,72- | 0,0060 | 0.976 | 0,941 | 0,0351 |

سەرچاوە : لە ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بەداتاکانی نێوان ساڵانی (2011-2017) وەبەکارهێنانی پرۆگرامی (E-views9) بەسودوەرگرتن لە هەردوو میتۆدی (OLS,ARDL)

لە خشتەی (3) بەدیار دەکەوێت کە قەیرانی دارایی و ئابوری کاریگەری نێگەتیفی هەیە لەسەر سەرجەم پرۆژەکانی وەبەرهێنان، بەلاَم کاریگەری قەیرانەکە جیاوازە لە نێوان پرۆژە ناوخۆیی و پرۆژە بیانیەکان ، هاوکات جیاوازە لە نێوان پرۆژە پیشەسازیەکان و پرۆژەکانی تر . لەخشتەی ( 3 ) ئەوە روندەبێتەوە بەگشتی پرۆژە وەبەرهێنیەکان ناوخۆ کاریگەرترن بە سەرهەڵدانی قەیرانەکە و بەردەوامی قەیرانەکە . هاوکات سەرجەم فاکتەرەکان لەرووی ئاماریەوە پەسەندکراون و کۆی مۆدێلەکان گونجاون .

## باسی سێ یەم

### کورتەیەك دەربارەی گروپی کومپانیاکانی لافارج ، وە کاریگەری قەیرانی دارایی هەرێم لەسەر کارگە چیمەنتۆی بازیان -لافارج

ئاشکرایە پرۆژەی وەبەرهێنان لە هەرناوچەیەکدا بنیادبنرێت کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر ئەوناوچەیە لە رووی رەخساندنی هەلی کارو زیادکردنی داهاتی تاکەکەس ...هیتر، بۆیە جێ ی خۆیەتی هەر کاریگەرییەك کاربکاتە سەر ئەو پرۆژەیە باس بکرێت و بخرێتەروو ، هەر بۆیە ئەم باسە تایبەت کراوە بە خستنەرووی کورتەیەك دەربارەی گروپی کۆمپانیاکانی لافارج وە کاریگەری قەیرانی دارایی هەرێم لە سەر کارگەی چیمەنتۆی بازیان -لافارج ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

**یەکەم : گروپی کۆمپانیاکانی لافارج و چوارچێوەی کارەکانی لە عێراقدا:**

بارەگای سەرەکی لافارج لە شاری پاریسی فەرەنسایە، کۆمپانیایەکی جیهانی یە لەبواری کەرەستەی بیناسازی لەگەڵ بونی پێگەی لە (80) وولاَتداو بە بەکارهێنانی (80) هەزاردەستی کار بری فرۆشتنی گەیشتۆتە (29.5) ملیار فرنکی سویسری لە ساڵی (2015) .
لافارج لە ساڵی (2008) دەستی کردوە بەبەرهەمهێنان لەبواری چیمەنتۆ لەعێراقدا ، وەلەبواری کۆنکریتدا لە ساڵی (2011). وە لەعێراقدا کەکاردەکات بەهاوکاری لەگەڵ هاوبەشە بازرگانیە ناوخۆییەکاندا کەبریتین لە گروپی فاروق (چیمەنتۆوزینگەی پیشەسازی (77)کۆمپانیایی بیناسازی وبازرگانی (کۆنکریت) ،وە کۆمپانیایی BASF(بۆکەرەستە زیادکراوەکان ) لەکوردستانی عێراق،وەکۆمپانیایی

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

merchantbridgeله كەربەلا . لافارج – عێراق دوو كارگەی چیمەنتۆبەرێوە دەبات ئەوانیش كارگەی چیمەنتۆی بازیان* كەدەكەوێتە پارێزگای سلێمانی ، كە توانای بەرهەمهێنانی (2.7)ملێون تەنە لەساڵێكدا . بەرهەمهێنانی چیمەنتۆی پۆرتلەندی ئاسایی – opc چیمەنتۆی بەردەقسلی پۆرتلەندی (CEM11) وەچیمەنتۆی بەرگەگری سۆلفات SRC، وە كارگەی چیمەنتۆی كەربەلا كەتوانایی بەرهەمهێنانی (2.4) ملێون تەنە لەساڵێكدا . بەرهەمهێنانی چیمەنتۆی پۆرتلەندی بەردەقسل CEM11 چیمەنتۆی پۆرتلەندی دژەخوێ كبریتات -SRC ، وە هەروەها بونی 15 شوێن بۆدروست كردنی كۆنكرێتی ئامادەكراو كە دەكەوێتە باكوری عێراق (هەولێر،سلێمانی) ناوەراست (بەغداد، كربەلا،نەجەف ،حیلە ،واست)و باشوری عێراق (بەسرە،ناسریە)و خزمەت بەرێكخراوی تایبەت وگشتی وكۆمەلأنی خەلك دەگەیەنێت . (www.lafarge-iraq.com/ku).

**دووەم : كاریگەری قەیرانی دارایی هەرێم لەسەر كارگەی چیمەنتۆی بازیان – لافارج :**

**1- كاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر قەبارەی بەرهەمهێنانی كارگەكە :**

زۆر بەئاشكرایی كاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر قەبارەی بەرهەم هێنانی كارگەكە لە سەرەتاوە دەركەوت چونكە بەرهەمی كارگەكە راستەوخۆ پەیوەندی بە پێداویستی و خواستی هاولأتیانەوە هەیە، وە دروست بونی هەرقەیرانێكی دارایی كاریگەری دەبێت لە سەر خواستی گشتی ئەمەش دواجار كاریگەری دروست دەكات لەسەر قەبارەی بەرهەمی كارگەگە ، بۆرونكردنەوەی زیاتر ئەم خشتەیە خراوەتەروو :

لەم خشتەی (3) بەردەكەوێت :

أ- توانای دیزاینكراو (الطاقة التصمیمة) كارگەی چیمەنتۆی لافارج بۆ بەرهەم هێنان( 2200000) تەنە لە ساڵێكدا، وە توانای رەخساو بۆ بەرهەم هێنانی چیمەنتۆ لەو كارگەیەدا (200000) تەنە لە ساڵێكدا .

ب- خشتەكە ئەوە دەردەخات كە كارگە لە ماوەی سالأنی ( 2011-2013) توانای بەرهەم هێنان و بڕی بەرهەمی لە ئاستێكی زۆرباشدا بوە ، وە ناوەندی گەشەی سالأنەی بەرهەمی راستەقینەی كارگەكە بۆماوەی سالأنی (2011-2013) زیادی كردووە بە تێكرایی (3,34 ٪) ئەمەش بە هۆی زۆری خواست لەسەر بەرهەمەكانی كارگەكە لەلایەن هاولأتیانی ناوخۆی هەرێمی كوردستان ناوەراست و خوارووی عێراقەوە (خوارووی عێراق) چونكە بەرهەمی كارگەی چیمەنتۆی لافارج جگە لە هەرێمی كوردستان ، بۆپارێزگاكانی خوارووی عێراقیش دەنێردرێت ، بەتایبەت دوای رووخانی رژێمی پێشوو كە ژێرخانی ئابوری عێراق وهەرێمیش لە بوژانەوەو بنیادنانەوەدا بووە .

ت- لە ماوەی سالأنی (2014، 2015 ) بە هۆی سەرهەلدانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی كوردستان و سەرهەلدانی شەری داعش لەناوجەكانی خوارووی عێراق ، كەمبونەوەی خواستی گشتی لەسەر چیمەنتۆ و كەمبونەوەی توانای جێبەجێكردنی پرۆژە خزمەتگوزاری و پیشەسازییەكان ، بری بەرهەمی كارگەكە بە رێژەیەكی بەرچاو كەمی كردوە ، وە تێكرایی گەشەی بەرهەمی راستەقینە بۆئەو دووساڵە دابەزینی بەرجاوی بەخۆە بینیوە بەتێكرای (-11,4، -4,7)، ئەمەش كاریگەری قەیرانەكە دەردەخات لەسەر خواستی گشتی بۆ چیمەنتۆ وپاشان كەمبونەوەی بەرهەمی راستەقینەی كارگەكە.

پ- لەماوەی سالأنی (2016،2017) تێكرایی گەشەی بەرهەمی راستەقینە زیادی كردووە بە تێكرایی (12٪، 2٪) ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ كەم بوونەوەی كاریگەرییەكانی قەیرانی دارایی هەرێم لەسەر هاولأتیان و كەم بوونەوەی كاریگەرییەكانی جەنگ لەهەندێ ناوجەی خوارووی عێراق وزیادبوونی خواست لەسەر بەرهەمی چیمەنتۆ بەمەبەستی دروستكردن وبنیادنانەوەی

* كارگەی چیمەنتۆی بازیان لە ساڵی (2008) هاتە ریزی گروپی لافارجەوە ئەوەش لەچوارچێوەی بەدەستهێنانی گروپی چیمەنتۆی ئۆراسكۆم . ئامێرەكانی ئەم كارگەیە لەلایەن كۆمپانیایی ئەلمانی (polysius-AG) وە دیزاینكراوەو دروست كراوە لەلایەن كۆمپانیایی میسری ئۆراسكۆم بۆبیناسازی لە ناوچەی بازیان دروست كراوە كەدەكەوێتە نزیكەی 40 كم لەخۆرئاوای سلێمانیەوە لە هەرێمی كوردستان . وە لە كانونی دووەمی ساڵی 2006دەستكراوە بەبنیادنانی پرۆژەكەو وەماوەی پرۆژەكە 2ساڵی خایاندوە وەكارگەی بازیان بەپێ ی تایبەتمەندی دروست كراوە بەئاسانكاری بەرهەمهێنانەوە بەبری تێچونێكی كەم توانای بەرهەمهێانی (2.7) ملیون تەنە لەساڵیكدا .


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.16

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: 58-71
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کاولکارییەکانی دوای جەنگ وە ئیمزاکردنی بەڵێننامەیەك لەلایەن کۆمپانیایی لاڤارج لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەی عێراق بەمەبەستی گواستنەوەی جیمەنتۆ تایبەت بە وەزارەتەکە بە بڕی (500) هەزار / تەن ساڵانە(www.alsumaria.tv).

ج- گەر بەراوردی گەشەی بەرهەمی کارگەکە بکەین پێش سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ودوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ، خشتەکە ئەوەمان بۆدەردەخات کە بەرهەمی کارگەکە پێش سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی هەرێم لەماوەی ساڵانی (2011-2013)لە (3,34٪) گەشەی کردوە ، بەڵام لە ماوەی ساڵانی (2014-2017) کەهاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی هەرێم ، تێکرایی گەشەی ساڵانەی کارگەکە دابەزیوە بۆ(2,27٪) .

خشتەی (4): توانای بەرهەم هێنانی چیمەنتۆ لە کارگەی بازیان - لاڤارج (تەن)

| ساڵ | توانای بەرهەم هێنان * | توانای ڕەخساو** | بەرهەمی ڕاستەقینە*** | تێکرایی گەشە ٪ |
|---|---|---|---|---|
| **2011** | 2200000 | 2000000 | 1914000 | - |
| **2012** | 2200000 | 2000000 | 2068000 | 8,04 |
| **2013** | 2200000 | 2000000 | 2112000 | 2,2 |
| **تێکرای گەشەی ساڵانە** | ٪3,34 | | | |
| **2014** | 2200000 | 2000000 | 1870000 | 11,4- |
| **2015** | 2200000 | 2000000 | 1782000 | 4,7- |
| **2016** | 2200000 | 2000000 | 2002000 | 12,3 |
| **2017** | 2200000 | 2000000 | 2046000 | 2,19 |
| **تێکرای گەشەی ساڵانە** | ٪2,27 | | | |

سەرچاوە : ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاو زانیارییەکانی کارگەی چیمەنتۆی بازیان –لافارج بۆماوەی ساڵانی (2011-2017) ، 2018.

* مەبەست لە توانای بەرهەمداری ئەو ئامێرو دەزگایانەیە کە لە پرۆژەکەدا بوونیان هەیە کە تا چەند ئەو ئامێرانە توانای بەرهەمهێنانیان هەیە بەپێ ی ئەو شێواز و مەرجە هونەریانەی کە دیزاینی بۆ کراوە . (Johnston, 2004: 376).

** توانای بەرهەمداری ڕەخساو تەواوی ئەو کەرەستەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە خراونەتە ناو بواری بەهەمداری یەوە لە ناو پرۆژەیەکی ئابوری دا وە ڕەخساون بۆ مەبەستی بەرهەم هێنان (Render ,225) .

* * * توانای بەرهەمداری ڕاستەقینە بریکە لە بەرهەم هێنانی ڕاستەقینە کە بەدەست هاتووە لە یەکەیەکی بەرهەمهێنان لە ماوەو کاتێکی دیاریکراودا (عبدعلي، 2008، 63) .

المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**ب- كاریگەری قەیرانی دارایی لە سەر ژمارەی کرێکارو بەرهەمداری کرێکار:**

ئاشکرایە رەخساندنی هەلی کاری نوێ یەکێکە لە ئامانجە سەرەکی یەکانی حکومەت و دەزگا گشتیەکان ، بۆیە لایەنی پەیوەندی دار نەخشە ڕێگایەك دادەنێت بۆ رەخساندنی هەلی کاری نوێ ، وە بۆ زانینی کاریگەری قەیرانی دارایی لە سەر ژمارەی کرێکارو بەرهەمداری کرێکار لە کارگەی چیمەنتۆی لاڤارج ، پشت دەبەستین بە (5) بەم شێوەیەی خوارەوە :

خشتەی (5): ژمارەی کرێکارو بەرهەمداری کرێکار لە کارگەی چیمەنتۆی لاڤارج

| ساڵ | بەرهەمی راستەقینە(تەن) | دەستی کار(کرێکار) | کرێ ی کرێکار(دۆلار) | بەرهەمداری کرێکار[*](تەن) | بەرهەمداری کرێکاربۆیەك رۆژ(تەن) |
|---|---|---|---|---|---|
| **2011** | 1914000 | 1028 | 719600 | 1861,9 | 5,17 |
| **2012** | 2068000 | 1100 | 770000 | 1880 | 5,22 |
| **2013** | 2112000 | 1075 | 739900 | 1964,6 | 5,45 |
| **تێکرای گەشەی ساڵانە** | | ٪1,5 | | ٪1,81 | |
| **2014** | 187000 | 900 | 630000 | 2077,7 | 5,77 |
| **2015** | 178000 | 803 | 562100 | 2219,2 | 6.16 |
| **2016** | 2002000 | 680 | 476000 | 2944,1 | 8.18 |
| **2017** | 2046000 | 750 | 525000 | 2728 | 7,57 |
| **تێکرای گەشەی ساڵانە** | | ٪4,46- | | ٪7,04 | |

سەرچاوە : ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاو زانیارییەکانی کارگەی چیمەنتۆی لافارج کە لافارج بۆماوەی ساڵانی (2011-2017) ، 2018.

لە خشتەی (5) ئەم خاڵانەی خوارەوە بەدیاردەکەوێت :

أ- لەنێوان ساڵی(2012- 2013) کارگەی چیمەنتۆی لاڤارج هەلی کاری بۆ زیاتر لە 1000 کرێکار ڕەخساندووە .

ب- سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان وسەرهەڵدانی جەنگی داعش لە ماوەی ساڵانی (2014-2017)، کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر کەم بوونەوەی خواستی گشتی لە سەر چیمەنتۆئەمەش کارگەی ناچارکردووە کە هەستێت بەکەم کردنەوەی بڕی بەرهەم هێنان لە نێوان ساڵانی (2014-2015) بە قەبارەی (9000) تەن لە (187000 بۆ178000) واتە بەرێژەی (-11,4٪) و پاشان کەمکردنەوەی دەستی کار(کرێکار) لە (1075) کرێکارەوە لەساڵی (2013)بۆ (680) کرێکار بۆساڵی (2016)کە ئەمەش بێکاری و کەمی داهاتی تاکەکەسی لێ کەوتەوە .

ت- کرێ ی دەستی کار لە ساڵی (2011-2013) بە ردەوام لە زیادبوندا بووە ئەمەش بەهۆی زۆربونی ژمارەی کرێکارەوەیە لەو ماوەیدا بە پێچەوانەی ساڵانی (2014-2016)کەکرێ ی دەستی کار بەردەوام کەمی کردووە بەهۆی کەم بوونەوەی دەستی کارلە کارگەکە.

[*] بەرهەمداری کرێکار= بەرهەمی راستە قینە/دەستی کار


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.16

پ- سەرەرایی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و جەنگ دژی داعش ، وە سەرەرای هەبونی کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر کەمبونەوەی بەرهەمی کارگەکە وکەمبونەوەی کرێکارانیان ، بەلاَم بەرهەمداری کرێکار بۆهەررۆژیکی کارکردن زیادیکردوە لە(5,17) تەن / رۆژانە بۆ ساڵی (2011) بۆ (8,18) تەن /رۆژانە ساڵی (2017)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو کرێکارانە توانیویانە بەوپەری تواناو لێهاتوییانەوە کاربکەن ، وەکارگەش بۆی دەرکەوتوە کە ژمارەی راستەقینەی ئەوکرێکارانەی پێویستیەتی چەندە بۆبەرهەم هێنانی بەرهەمی دیاری کراوی ساڵانە هەروەك ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە بێکاری شاراوە بونی هەبووە لە نێوان کرێکارانی کارگەکەدا ئەمەش رەنگدانەوەی راستەوخۆی هەبووە لەسەر کەمبونەوەی توانای بەرهەمهێنان .

## دەرئەنجام و پێشنیار

### یەکەم : دەرئەنجامەکان

ئەم توێژینەوەیە لەئەنجامی خستنەرووی داتاکان وشیکردنەوەیان گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

1. قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر کەرتی تایبەت و کارگەی چیمەنتۆی لاڤارج کە بۆتە هۆی دابەزینی خواست لەسەر چیمەنتۆ لەلایەن کەرتی تایبەتی وگشتی یەوە ، وە کاریکردۆتە سەر دابەزینی برِی بەرهەمی کارگەکە لە ماوەی ساڵانی (2013-2015) ئەمەش هاوکاتە لەگەل سەرهەڵدان وقوڵبونەوەی قەیرانەکە ، بەلاَم لەماوەی ساڵانی (2016-2017) کاریگەری قەیرانەکە کەمبۆتەوە لەسەر قەبارەو توانای بەرهەمهێنان.
2. قەیرانی دارایی بۆتە هۆی دابەزینی ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە رێژەی (-18.48 ٪) وەهەروەها دابەزینی ژمارەی پرۆژە پیشەسازیەکان بە رێژەی (- 23.08 ٪)
3. قەیرانی دارایی هەرێم کاریگەری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی دەستی کار وبێکاربونی بەشێك لە کرێکارەکانی کارگەکە ، ئەمەش بێکاری و کەمی داهاتی تاکەکەسی لێ دەکەوێتەوە .
4. جگە لەکاریگەری نەرێنی قەیرانەکە لەسەر کارگەکە ، کاریگەری ئەرێنیشی هەبووە ، کە بوەتە هۆی دەرخستنی ژمارەی ئەو کرێکارە راستەقینانەی کە کارگەکە پێویستیەتی کە لە دەرئەنجامیشدا بەرهەمداری کرێکار زیادی کردوە لە (1.81٪) بۆ (7.04٪) .

### دووەم : پێشنیارەکان

ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بەدەرئەنجامەکان ئەم پێشنیارانە دەخاتەروو:

1- پێویستە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان گرنگی زیاتر بدەن بە کەرتی پیشەسازی و تایبەت و پاڵپشتیکردنیان ،لە پێناو هەمەجۆرکردنی ئابوری وولاَت ، وە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی لە رێگەی چاکسازی راستەقینە لە سەرجەم بوارو ئاستەکاندا، بە تایبەت لە سیستمی حوکمرانی و لە دامو دەزگا گشتیەکانی حکومەتدا.
2- پێویستە کارگەی چیمەنتۆی بازیان -لاڤارج هەوڵ بدات بەرهەمی کارگەکەی بۆدەرەوەی عێراق بنێرێت بۆئەوەی کەمترین زیانی بەربکەوێت لەکاتی گرفت و قەیرانە ئابورییە ناوخۆیەکان ئەمەش دوای ئەوەی هەوڵی پرکردنەوەی پێداویستی و خواستی ناوخۆ درا.
3- کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتویی وشارەزایی کرێکاران ئەمەش لەرێگەی کردنەوەی خولی راهێنان و هاندانی کرێکاران لەرێگەی زیادکردنی کرێ ی و هاوکاری مادی و معنەوی.
4- کرێکاران پێویستە بەوپەری دڵسۆزی ولێهاتوییەوە کاربکەن بۆئەوەی بەردەوام بن لەسەر کارەکەیان و جێ ی بایەخی کارگەکە بن

## سەرچاوەکان

### یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان

1- دەزگای میدیایی رووداو : بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە باشوری کوردستان ، 2017 ، www.rudaw.net.
2- شکستی ئابوری هەرێمی کوردستان :2017/12/30 http://www.hawpshti.com/ku/?p=156.

3- لافارج عێراق – ئەندام لە lafarg holicim ، www.lafarge-iraq.com/ku
هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی شەری سوریا/داعش لەسەر بارودۆخی ئابوری وکۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان:
documents.worldbank.org/curated/e.
4- یونس علی احمد ، قەیرانی دارایی وئابوری لە هەرێمی کوردستان :هۆکارورێگا چارەکان ،کۆنفرانسی ئابوری کوردستان ،سلێمانی ،چاپخانەی یاد ،2018.

**دووەم :سەرچاوە عەرەبییەکان**

1- حميد جاسم الجميلي واخرون (1979)، الاقتصاد الصناعي، بغداد.
2- خالدحيدر عبدعلي(2008) ، اقتصاديات البيئة وسعة الانتاج الصناعي مع تركيز على العراق ، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية ، السليمانية .
3- سركوت محمود خضر البرزنجي(2008)،امكانات توطين الصناعة في اقليم كوردستان العراق، الاكاديمية العربية المفتوحة في الدانمارك، كلية الادارة الاقتصاد ،قسم الاقتصاد، رسالة ماجستير منشور : http://www.medbillconnection.biz 2015 .
4- صائب ابراهيم جواد (2011)، اقتصاديات الصناعة والتنمية الصناعية ، اربيل ،جامعة صلاح الدين .
5- عبد الغفور حسن كنعان المعماري (2006) ،اقتصاديات الانتاج الصناعي ،دار الحدباء للطباعة والنشر ، موصل ،الطبعة الاولى .
6- عبدالعزيز مصطفى عبدالكريم و طلال محمود كداوي (1999) ، تقييم المشاريع الاقتصادية(دراسة في تحليل الجدوى الاقتصادية وكفاءة الاداء) ،وزارة التعليم العالي والبحث العلمي – جامعة الموصل .
7- عبدالعزيز مصطفى و طلال محمود (1989)، تقييم المشاريع الاقتصادية ، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ، جامعة الموصل.
8- العراق يوقع عقدا مع شركة فرنسية لنقل الاسمنت،2016، www.alsumaria.tv/news
9- عزت صابر اسماعيل (2002)، تقيم كفاءة الأداء الاقتصادي لمعمل الآسمنت في طاسلوجة للفترة (1992- 2001) ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الادارة و الاقتصاد –قسم الاقتصاد، جامعة السليمانية .
10- محمد مزعل حميد ومحمدعبد الله خلف (2017)، أهمية البيئة الاستثمارية في جذب الاستثمارات الخاصة في قطاع صناعة الاسمنت بإقليم كردستان العراق للمدة (2006-2015) ، مجلة جامعة الانبار، مجلد (9) عدد (17) .
11- مدحت القريشي (2005)،الاقتصاد الصناعي ، دار وائل للنشر، الاردن الطبعة الثانية .
12- يوسف حلباوى، الصناعة والتكامل الاقتصادى العربي ، مقالة ، أنترنيت:
http://www.marefa.org/index.php/%D8%B5%D9%86%D8%A7%D8%B9%D8%A9 .

**سێیەم :سەرچاوەی ئینگلیزی**

1. Investment Bord,list of licensed projects in Kurdistan region,acc ording tolaw approved licenses by BOI &Government
2. James R.evants –Production operation management -5th ed – Prentice hall –Safrancsco-2004.
3. .Jayhazier and Barryrender – Operation Management , 6th ed –Prentice hall –New jersey.
4. Robert Johnston –Capacity planning -4th ed – Prentice hall-New York -2004.
5. World business council for sustainable development, cement sustainability initiative about the cement industry 2015/3/20 http://www.wbcsdcement.org/index.php/about-ceme.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.16